# رۆمانی (بەفر)
# هەوڵێك بۆ هەڵوەشاندنەوەی مێژوو

جەبار سابیر

لە ئۆکتۆبەری (٢٠٠٦)دا، وەختێك (ئۆرهان پامۆك)ی رۆماننووسی تورك، خەڵاتی (نۆبڵ)ی لە پای رۆمانەکانیدا وەرگرت، زۆر کەسو لایەنو ناوەندی رووناکبیری لێی کەوتنە تەقەو وتیان: ئەو خەڵات بەخشینە مەیلێکی سیاسی لە پشتەوەیە، بەوەی پامۆك پەردە لە رووی سیاسەتی قێزەونی دەوڵەتی تورك لادەبات لە بەرامبەر کوردو ئەرمەندا، هەندێکیش وتیان (یەشار کەمال) زۆر لە پامۆك شایانتربوو دەبوو ئەو وەریگرتایە، بەڵام کاتێك رۆمانەکانی ئەم پیاوە دەخوێنیتەوە، پێکەنینت بە هەموو ئەو بۆچوونانە دێت، چونکە رۆمانەکانی ئەوە دەسەلمێنن کە ئەو شایانی ئەو خەڵاتەبوو. راستە سیاسەت هەیمەنەی بەسەر هەموو شتەکاندا کردووە لە دنیادا، بەبەخشینی خەڵاتی نۆبڵیشەوە، بەڵام بێویژدانیشە هەموو رەنجی پامۆك بچووککەیتەوە بۆ قسەکردنی ئەو لە سەر سیاسەت، کە دواجار ئەوەی پامۆك کردوویێتی مەیلێکی مرۆییانەی لە پشتەوەیەو پەیامی ئەدەبیش لە پاڵ ئەرکە ستاتیکییەکەیدا هەر ئەوەیە کە قسە لە ئازارەکانی مرۆڤ بکات. پامۆك هەڵکۆڵینی خۆی وەك رۆمانووسێك لە مێژووەوە دەستپێکردووە، چونکە لە روانگەی پامۆکەوە مێژووی تورك مێژوویەکی ساختەیەو شەڵاڵە لە خوێندا. لای پامۆك شانازیی کەسێتیی تورکی لە سەر جەستەی نەتەوەکانی تری ناو تورکیا بنیاتنراوەو پێویستە ئەو کەسێتییە هەڵوەشێتەوەو دیسان لە سەر جەستەی خودی تورك بنیاتبنرێتەوە. بەدرێژایی سەدەی رابردوو ئەوەی




مێژوونووسە تورکەکان بازیان بەسەرداداوەو تۆماریان نەکردووە، یاخود بەپێچەوانەوەو لە بەرژەوەندیی تورك تۆماریان کردووە، ئەو دێتو لە رێگەی نووسینی رۆمانەکانییەوە راستییەکان وەك خۆی تۆمار دەکاتو تورکیا هەڵدەوەشێنێتەوەو دەیخاتەوە سەر پلێتە ئەسڵییەکەی خۆی. ئەو تورکیایەك وێنادەکات کە هەیەو

هەبووە، نەك وەك مێژوونووسە تورکەکان، تورکیایەك وێنابکات کە تورکە رەگەزپەرستەکان دەیانەوێتو هەیە. لێرەیشەوە پەیامی پامۆك وەك رۆماننووسێك ئەوەیە لە پاڵ ئەرکە ستاتیکییەکەیدا، هەستی مرۆیی خۆیشی دەربڕێت بەرامبەر ئەو خەڵکەی دەسەڵاتی تورك چەندین سەدەیە حەقیان دەخواتو کەرامەتی مرۆییان پێشێل دەکات. ئالێرەوەیە کە دەڵێین ئەدەب ئاوێنەی واقعە، بەڵام ئاوێنەیەك جیاواز لە ئاوێنەکانی تر، ئەم ئاوێنەیە ئەفسوونمان لێدەکاتو بەرەو ناخی خۆی کەمەندکێشماندەکات. بەپانوپۆڕی سەد ساڵی رابردوو کە (ئەرمەن)ەکان لە سەردەستی (سوارەی حەمیدی) کە بەکرێگیراوە کوردەکان بوونو وەك هێزێك بەناوی (سوڵتان عەبدولحەمید)ەوە دروستکرابوون بۆ سەرکوتکردنی کەمەنەتەوەکانی ناو تورکیا کە یەك لە وانە ئەرمەن بوو، لە وێشەوە تورکیا بەتفەنگێك دوو نیشانەی دەشکاند، هەم ئەرمەنەکانی ریشەکێشدەکرد، هەم کوردو ئەرمەنی دەکردە دوژمن لە یەکتریو خۆیشی لە دوورەوە سەیری دەکردن. ئەم هەڵمەتی جینۆسایدو جینۆکولتورەی ئەرمەن لە سەردەستی سوارەی حەمیدی لە دەیەی کۆتایی سەدەی نۆزدەو چارەکی سەرەتای سەدەی بیستدا دەستپێکردو نزیکەی یەك ملیۆنو نیو مرۆڤیان لە ناوبراو کۆمەڵکوژکرا، کەسێك لە کۆمەڵگەی تورك نەیتوانی دان بەو راستییە تاڵەدا بنێت، پامۆك هاتوو دانی پێداناو هاواریکرد: ئێمەی تورك دەستمان بەخوێنی ئەرمەنەکان سوورە. ئەمە دەڵێین ئاگاشمان لە وەیە کە (ئیسماعیل بێشکچی) هاونیشتمانی پامۆکیش لە سەر کورد تاڵیی زۆر چێشتووەو ئەویش وتی: ئێمەی تورك دەستمان بەخوێنی کوردەکان سوورە.

لە مێژە گفتوگۆو مشتومڕ لە سەر ئەوە هەیە کە ئایا دەکرێت ئەدەبو سیاسەت تێکەڵکرێنو بخرێنە خزمەت یەکترەوە؟ ئایا مەرجە ئەدەب لە واقعەوە هەڵقوڵێو لە سەر واقعی ژیان خۆی بنیات بنێت.؟ زۆرێك پێیان وایە کە ئەرکی ئەدەب دروستکردنی جوانیو چێژە، دیسان زۆرێکیش وایدەبینن ئەرکی ئەدەب خستنەڕووی ژیان بەگۆشت و خوێنەوە. بۆیە ناکرێ بەهیچ جۆرێك ئەدەبو ژیان یاخود ئەدەبو واقع لێکتر دابڕین، لێرەوە ئەوە ئەدیبی گەورەیە کە کاری گەورە لە و واقعەدا دەکاتو زۆرترین چێژو جوانیش دەبەخشێتە کارەکانی. ئەوەی دەیەوێ ئەدەبو سیاسەت هێڵی سووریان لە نێواندا بێت، رەنگە خوێندنەوەی بۆ ئەدەبیاتو بۆ دنیاش لنگەوقوچ بێت، چونکە لە دنیای ئەدەبیاتدا هیچ شاکارێك نابینیتەوە پێیەکی بەتوندی لە ناو ململانێ سیاسییەکاندا نەبێت، بەتایبەت ئەوانەی خەڵاتی نۆبڵیان وەرگرتووە. کام رۆمانی (گۆنتەر گراس)ی رۆماننووسی خاوەن خەڵاتی نۆبڵی ساڵی(١٩٩٩) بۆنی سیاسەتی لێنایاتو گەڕانەوە نییە بۆ جەنگی دووەمی جیهانیو کۆستو کارەساتەکانی خەڵکی ئەڵمان لە و جەنگەدا؟ رۆمانەکانی (گابریێل گارسیا مارکیز) قسەکردن نین لە سەر دیکتاتۆرەکان لە کۆمەڵگەکەی خۆیدا.؟ ئەمەش نابێتە خەوشو خاڵ لە کارەکانیاندا، چونکە بابەت ئەوەندەی شێوازو دەربڕین گرنگ نییە لە رۆماندا. زۆر رۆمانی گەورەی دنیا هەن بابەتەکەیان زۆر سادەو ساکارە، بەڵام شێوازی دەربڕینو قسە لە سەرکردنی رۆماننووسەکەی ئەوەندە جوانو سەرنجراکیشە بۆتە رۆمانێکی زۆر گەورە. هەموو هەوڵی ئەدیبان بەتایبەت رۆماننووسە گەورەکان بۆ قێزەونکردنی شەڕو جوانکردنی ئاشتیو پێکەوە ژیانبووە، بەڵام ئەو هەوڵەی ئەوان لە چوارچێوەی گوتارێکی سیاسیو رووت دەرچووەو بۆتە شاکارێکی پڕ لە فانتازیا، هاوکات هەر یەکیش لە وانە بۆخۆی شێوازێکی سەیرو سەمەرەو پڕ لە جوانکاری هەیە لە نووسیندا، کە رەنگە لە ئێستادا ئەمەی پامۆك لە هەموویان سەرنجراکێشتربێت. پامۆك وەك بەرگدروویەکی کارامە یاخود وەك فەرشچنێك لە هەموو ئەو پارچە نووسینانە کە وەك پارچە پەڕۆو تاڵە (بەن) وان بەدەستییەوە، جوانترین قاڵی دەچنێت کە هیچ ئامێرێکی فەرشچنی ئەوەی پێناکرێت. ئەمەش رەنگە لە کورتترین سەرنجدا گوزراشت بێت لە پارچە پارچەیی دەوڵەتی تورکو جوگرافیاو دیرۆکی تورکو دواتر خەڵکی تورکیش. پامۆك بۆخۆی شێوازێکی هەیە لە نووسیندا بەوەی بیەوێ باس لە هەر ناوچە، یاخود کەسێك یان هەر شتێکی تربکات، دەچێت پێشتر زانیاریی لە سەر کۆدەکاتەوەو دواتر دەستدەکات بەنووسین. ئەمەش بەخاتری ئەوەی تووشی هەڵەی مێژوویی نەبێت، کە باس لە بینایەك دەکات مێژووی سەد ساڵ پێشتری ئەو بینایەت بۆ دەگێڕێتەوە، ئەمە بەتایبەت لە بەفردا دەبینرێ. لە وتارێکیدا دەڵێت: کە بڕیارم دا رۆمانێك بنووسم بەناوی (ناوم سوورە) چوومە کتێب فرۆشێکی دێرینو وتم: هەرچیت هەیە لە سەر هونەری میناتۆری ئێرانیو دواتر تورکیش بۆم بێنە، ئەوەندەم زانی کابرا یەك دنیا کتێبی خستە بەردەمم. ماوەیەکی زۆر خەریکی خوێندنەوەی ئەو کتێبانە بووم، کە هەمووی داستانە ئێرانییەکان بوونو بەمیناتۆر رازێنرابوونەوەو لە زۆر شوێن ناوی نیگارکێشەکەیشی لە سەربوو. ئەم قسەیەی پامۆك دەرخەری ئەو راستییەیە

کە ڕۆمان زۆرترین زانیاریی پێویستەو کارێکی سەرپێیی نییە کە هەموو کەس توانای نووسینی هەبێت. دیسان هەر ئەو لە وتارەکەی کاتی بەخشینی خەڵاتی نۆبڵدا دەڵێ: نووسین سەبرو تەحەمووڵو دەرگا لە سەرخۆ داخستنە، نەک ئیلهام کە زۆرێک وای بۆ دەچن. لە وتارێکی تردا دەڵێ: هەمیشە ئامۆژگارییەکی (ئەرنێست هەمەنگوای)*م بیر دەکەوێتەوە کە دەڵێ: گەر لە کۆتایی نووسینی هەر ڕۆژێکتدا ڕستەیەکی جوانت بۆ هات مەینووسەو هەڵیگرە بۆ سبەی، بۆئەوەی سبەی هیلاک نەبیت بەدەست نووسینی یەکەمین ڕستەوە، چونکە یەکەمین ڕستە وەک کلیلێک وایە بۆ کردنەوەی دەرگایەک لە سەر چەندین لاپەڕە نووسین.

ڕۆمانی (بەفر) یەکێکە لە ڕۆمانە قەبارە گەورەکانی ئۆرهان پامۆک، ڕەخنەگرەکانو خودی پامۆک خۆیشیو زۆر خوێنەری سادەیش، بەیەکەم ڕۆمانی سیاسی پامۆکو دوا ڕۆمانی سیاسیشی دەزانن، بەڵام من پێموایە تەواوی کارەکانی (پامۆک) کەمو زۆر بۆنی سیاسەتیان لێدێو بەجۆرێک لە جۆرەکان خزمەتی سیاسەتێکی (تۆلێرانس)یانە دەکەن، کە نووسەر دەیەوێ بەهۆی ڕۆمانەکانییەوە لە تورکیادا زەمینەی بۆ خۆش بکات. چونکە لە خوێندنەوەی ڕۆمانەکانی پامۆکدا هەست بەئازارێکی ویژدانی دەکەیت کە پامۆک گێنگڵی پێوە دەداتو دەیەوێ کەمێک ئازارەکەی سووک بێت. عەزابێک کە دەوڵەتێک بەدرێژایی نزیکەی سەدەیەک کۆمەڵگەیەکی لە یەکتر کردۆتە دوژمنو ڕۆژێک سیاسییەک نەهات قسەی لە سەر بکات، ئێستا پامۆک دێتو دەیوروژێنێو کاریگەریشی زۆرە لە سەر کۆمەڵگەکەی. چەند مانگێک پێش وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵ (پامۆک) لە لایەن داواکاری گشتیی دەوڵەتی تورکەوە ڕاپێچی بەردەم دادگا کراو تۆمەتەکەیشی ئەوەبوو، کە پرسی کوردو بەتایبەت ئەرمەن زۆر دەوروژێنێو ئەمەش بۆ ئاسایشی نیشتمانی دەوڵەتی تورک خراپەو بەپێی سیاسەتی کەمالیستی دەبێت لێفە لە سەر هەتیوان هەڵنەدرێتەوەو تاوانەکانی تورک دەرهەقی کوردو ئەرمەن بەهیچ جۆرێک قسەیان لێوەنەکرێتو قسەکردن لە سەر ئەوانە بەزاندنی هێڵی سوورە. بەپێی لیکۆڵینەوەیەکی(مەریوان وریا قانع) بەناوی (کورد لە دیاسپۆرا)دا تورکیا تاساڵی (١٩٩١) لە ڕێگەی باڵیۆزەکانی خۆیەوە بەتەواوی وڵاتانی ئەورووپای وتووە نابێت لێگەڕێن کوردە پەنابەرەکانی ئەورووپا، ئەوانەی لە تورکیا بەهەر هۆیەک بێت هەڵاتوون ناوی کوردی لە منداڵەکانیان بنێن، بۆ ئەم مەبەستەیش لیستی ناوی داوەتە نەخۆشخانەکانی تەواوی وڵاتانی ئەورووپا، تا لە هەر کوێیەک کوردێک منداڵی بوو دەبێت ئەو ناوانە هەڵبژێرێت کە لەو لیستەدا هەنو تورکەکان خۆیان دایانناونو ناوەکانیش تورکین. تورکیا دیموکراسییەتێکی عەیار بیستو چوار بەدنیا دەفرۆشێتەوەو لە ناویشەوە کورد سەرکوت دەکاتو قسەکردن لە سەر جینۆسایدی ئەرمەن یاساغ دەکات، بەمەش دەیەوێ بەدنیا بڵێ ڕابردوویەکی خاوێنو سپیم هەیەو وڵاتەکەمان لە هیچ ڕوویەکەوە گرفتی نییە. کاتێکیش ڕۆماننووسێکی وەک پامۆک دێتو سەری مانهۆڵەکەی دەوڵەتی تورک هەڵدەداتەوە، ئەوسا بۆگەنی هەموو دنیا دەتەنێو دەوڵەتەکەیشی ناچارە پێش لە و بۆگەناوە بگرێت، لێرەوە پامۆک چارەگران دەبێت لە لایەن دەوڵەتەکەیەوەو خەڵکی تریش دەڵێن، لە بەر ئەوە نۆبڵی وەرگرت کە دەوڵەتەکەی کارەکانی یاساغکردووە، بەڵام ئەوەندەی من بزانم زۆرێک لە کارەکانی لە وڵاتی ئێرانیش لە لایەن دەوڵەتەوە یاساغکراون، بەتایبەت ڕۆمانی (بەفر) کە دوورو نزیک قسە لە سەر شێوازی حوکمی ئیسلامیش دەکات لە و وڵاتەدا بەتایبەت لە بەرامبەر ژناندا. ئەم ڕۆمانە ململانێیە لە نێوان مۆدێرنەو سوننەتدا، سوونەت بەمانا کلاسیکییەکەی، ئەمەشە لە سەر ئاستی بچووکی شارێک کە وێنەیەکی بچووککراوەیە بۆ تەواوی دەوڵەتی تورکیا، بەوەی دەیەوێت لەگەڵ کاروانی مۆدێرنەی خۆرئاواییدا ڕێبکاتو خۆی وەک دەوڵەتێکی سکۆلارو خۆرئاوازەدەیی بناسێنێت، لە کاتێکدا خودی دەوڵەتەکە لە ڕووی کولتورییەوە لە تاریکترین چرکەساتی مێژووییدا دەژیو ئازادیی بەکچێک، یاخود ژنێک ڕەوانابینێت بچێتە زانکۆ یاخود پەڕلە مان. ئازادی بە (لە یلا زانا)یەک ڕەوانابینێت لە پەڕلە مانەکەیدا بانگی برایەتی هەردوو گەلی تورکو کورد بداتو بەزمانی کوردی سڵاو بکات.

پاڵەوانەکەی ڕۆمانی (بەفر) شاعیرێکە بەناوی (کەریم) کە دواتر لە لایەن ڕۆماننووسەوە ناوەکەی کورتدەکرێتەوە بۆ (کا)و بەدرێژایی ڕۆمانەکە بە (کا) ناوی هاتووە. پامۆک زۆر سەراسیمەیە بە(فیدیۆر دۆستۆیۆڤسکی)و ئەمەش وایکردووە لە ڕۆمانەکانیدا لە یەک کاتدا چەندین پاڵەوان هەبێتو ڕایەڵەیش لە نێوان هەموویاندا هەبێتو بەداوێکی زۆر باریکو نەبینراو پێکیانەوە دەبەستێت. ئەم شاعیرە واتا (کا) لە شاری فرانکفۆرتی ئەڵمانیاوە گەڕاوەتەوەو بەنیازی دروستکردنی ڕیپۆرتاژو وتار لە سەر مەسەلە ی خۆکوژیی کچانو ژنانو دروستبوونی ڕەوتە ئیسلامییە ڕادیکاڵەکان لە شاری قارس، لە ئەستەمبوڵەوە

بەرەو شاری قارسی کوردنشین دەکەوێتەرێ. جگە لە (کا) چەند پاڵەوانێکی تریش لە م ڕۆمانەدا هەن لە وانە (ئیپەك، کە دەبێتە عەشیقەی کا، شینە، وەك ئەندامێکی گروپێکی ئیسلامیی رادیکاڵو تیرۆرست کاردەکات، نەجیبو فازیل وەك دوو هەواداری گروپە ئیسلامییەکان، قەدیفە، خوشکی ئیپەکەو لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا لە سەر شانۆ سۆنای زایم دەداتە بەر گوللە و دەیکوژێو دواتر دەبێتە ژنی فازیل، سۆنای زایمو فۆندا ئەسەری هاوسەری کە وەك دوو شانۆکاری بەناوبانگو سەر بەدەزگای ئاسایشی نیشتمانی تورك میت کاردەکەن.) ئەمە جگە لە چەند کارەکتەرێکی تریش کە ناو بەناو ڕۆڵیان هەیەو پانتاییەك لە ڕۆمانەکە داگیردەکەن. هەموو ئەمانەیش گوزارشتێکی تەواون لە شاری قارس کە بچووککراوەیەکی ئەستەمبوڵە بەپشتگوێخراوی. کا بەگەیشتنی بۆ ناوشار تێکەڵاوی تەواوی توێژەکانی خەڵك دەبێت، هەر لە نەتەوەپەرستە تورکەکانەوە تا دەگاتە نەتەوەپەرستە کوردەکانو گەریلاکانی پارتی کرێکارارانی کوردستان، لە مپەری چەپو کۆمۆنیستییەوە بۆ ئەوپەڕی ئیسلامی رادیکاڵو تیرۆرست، بەمجۆرە لەگەڵ هەموویاندا دەکەوێتە گفتوگۆو راگۆڕینەوەو دواتر دەبێتە بەشێك لە ململانێکانی ئەو شارە، کەسوکاری کچانو ژنانی خۆکوژ دەبینێ، خەڵکی هەژارو نەداری قارس بەسەردەکاتەوە. شێوازی پامۆك ئەوەندە سەرنجراکێشە کە ناچارت دەکات دەستبەرداری نەبیت تا ڕۆمانەکە بەو قەبارە گەورەیە تەواو دەکەیت. ئەو واقع کتومت وەك خۆی دەگوێزێتەوە، بەڵام بەتەکنیکێك دەیگوێزێتەوە کە هەست دەکەیت واقعێکی تری بۆ خوڵقاندووی. ڕۆمانەکانی بەچاپتەری کورتکورت دەنووسێت، چاپتەر دوای چاپتەریش کەمەندکێشت دەکاتو ناهێڵێ دەستبەرداری خوێندنەوە بیت، ئەمەش سەرکەوتووترین خاڵی ڕۆمانەکانی پامۆکە. پامۆك لە کاتی نووسنیدا هەستەکات خۆی ماسیگرەو خوێنەریش ماسییەو ئەوەی دەشی نووسێت چەشەی قولاپە، هەتا بتوانێ قولاپەکەی بۆ دوور هەڵدەداتو دەیەوێ لە قوڵایی دەریادا ماسی راوکات. لە بەشەکانی سەرەتادا مەرگی پاڵەوانەکەی رادەگەیەنێت، واتا لە و بەشە سەرەتاییانەدا (کا) دەمرێو شێوازی مردنەکەیش ئاشکرا ناکرێتو خوێنەر سەری لێدەرناکات، ئەمەش ناچارت دەکات دوای کەویت، بزانی ئەم پیاوە بۆچی پاڵەوانەکەی لە سەرەتاوە دەکوژێت. پاڵەوان کوژراوەو ژیانی تەواوبووە، کەچی هێشتا زیندووەو لە ڕووداوەکاندا دەژی، هێشتا رازی نائاشکرای زۆر


پاموك

لایەو دەبێت ئاشکرای کات، چونکە پاڵەوانەکە کلیلی ڕۆمانەکەیەو بەبێ ئەو ڕۆمانەکە لە ژوورێکی داخراو دەچێت.

کەسایەتیی فۆندا ئەسەر وەك شانۆکارو ڕۆشنبیرێك نوێنەری تورکیایەکی مۆدێرنەو دەیەوێ کاروانی مۆدێرنە بەرەوپێش بەرێت، بەڵام لە سەر حسابی خەڵکی ترو لە بەرامبەردا (شینە)ش وەك کەسێکی ئیسلامی رادیکاڵو تیرۆرستیش نوێنەری دواکەوتوویيەو دەیەوێ تورکیا بەرێتەوە باوەشی خەلافەتو رژێمێکی ئیسلامیی لە شێوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران پەیڕەو بکات، دیسان ئەمیش لە سەر حسابی خەڵك. پامۆك لە کۆتاییدا هەر دووکیان بەشێوەیەکی زۆر تەمومژاوی دەکوژێتو بەمەش دەیەوێ پێمان بڵێت ئەوە خەڵکە بەگشتی توانای گۆڕانی هەیە نەك تاکوتەرا بیانەوێ گۆڕان لە وڵاتێکی جەنجاڵی وەك تورکیادا دروستکەن. لە لایەکی تریشەوە دەیەوێ بڵێ ئەو دوو رەوتە هەردووکیان لە ئاوی لێڵدا مەلە دەکەنو تورکیا جگە لەوان خەڵکی تریشی تێدایەو بەبێ حساب کردن بۆ ئەوانو خوێندنەوەی ئەوان لە ڕووداوەکاندا تورکیا لە شوێنی خۆی جووڵەی بۆ ناکرێت. مردنەکان لای پامۆك زۆر ئاڵۆزو تەمومژاوینو وا لە خوێنەر دەکات ئەوەندە بیر لە جۆری مردنەکە بکاتەوە، کەمتر بیر لە مردن وەك ڕووداوێکی فیزیکی بکاتەوە. خوێنەری ڕۆمانەکانی پامۆك ئەوەندەی لە مەرگی پاڵەوانەکان رادەمێنن، ئەوەندە بەمەرگیان خەفەتبار نابن. پامۆك

ئەوەندە مرۆڤدۆستە کەمتر بوار بەخوێنەرەکانی دەدات بزانن پاڵەوانەکان چۆن دەمرن. جگە لەوەش هەمیشە فێڵێك کە لە خوێنەر دەکرێت لە شێوەی تەکنیکێکی هونەریدا لە پشت مردنەکانەوە هەن. کوشتنی بەڕێوەبەری پەیمانگاکە لەلایەن چایچییەکەوە، کە لە ناوچەیەکی دوورتر لە قارسەوە هاتوتە ئەوێو دەیەوێ ئەو بەڕێوەبەرە بکوژێو دوای بێ هیوابوون لە بینینی بەڕێوەبەر، بەنیازی گەڕانەوەیە بۆ ناوچەکەی خۆی، سەر لە شیرینیخانەی ژیانی نوێ دەدات بۆ پشوویەك، لە وێ بەڕێوەبەر دەبینێو پێکەوە دادەنیشنو لە و وەختەشدا (کاو ئیپەك) لە وێ دانیشتوونو ئاگایان لە قسەکردنی کوڕە ئیسلامییەکەو بەڕێوەبەری پەیمانگایە. دوای نیو کاتژمێرێك ئەمان هەر ئەوەندە دەزانن کوڕە چەند گوللە یەك بەکابراوە دەنێو رادەکات. لە وێدا خوێنەر تێناگات ئەو کوڕە بۆچی وا لە پڕ ئەو پیاوەی کوشتو هەڵات. دواتر بەهۆی بەستنی ئامێری تۆمارکەر لە سەر جەستەی بەڕێوەبەری پەیمانگا وردو درشتی گفتوگۆی ئەو دووەمان بۆ ئاشکرا دەبێت، کە تۆمارکراوەو مشتومڕێکی توندە لە نێوان بەڕێوەبەرو کوڕە ئیسلامییەکەداو تەنانەت دەنگی تەقەکانیش تۆمار کراوە، لە وێدا بەخوێنەر دەڵێ: بەم شێوەیەو لە سەر فلانە تاوان ئەو کوڕە ئەو پیاوەی کوشتووە.

ئەم رۆمانە کۆتاییەکی زۆر تراژیدیی هەیە، کۆتاییەك لە هیچ کۆتاییەکی تر ناچێت، لە سەر شانۆ سۆنای زایم بەدەستی قەدیفەی خوشکی ئیپەك دەکوژرێت، کوشتنێك کە پامۆك ئاماژە بەجۆری کوشتنەکەو شێوازەکەی ناکات، تەنیا هێندە هەیە کە قەدیفە وەك ئەکتەر رۆڵ لە شانۆی (سەرپۆش یانیشتمان)دا دەبینێتو لە کۆتاییدا سەرپۆشەکەی فڕێدەداتو چەند فیشەکێك بەناوبراوەوە دەنێت. لە کاتێکدا پێشتر دەمانچەکە پشکنراوە کە فیشەکی تێدانییەو خاڵییە، لە سەر شانۆو چەند چرکەیەك پێش تەقەکردنیش شانەکەی دەردێنێتو پێشانی بینەرانی دەدات، ئەمەش وەك ئاماژەیەك بۆ ئەوەی کە ئەم دەمانچەیە فیشەکی تێدانییەو تەنیا بۆ شانۆکە ئەم پیاوە دەکوژێت، بەڵام وەك دەبینین قەدیفە هەر بەڕاستی سۆنای زایم دەکوژێتو ئەوەی لە دەمانچەکەوە دەردەچێت، گوللە ی راستییە نەك پلاستیکیو هەوایی. ئەمە جگە لەوە هەر لە و وەختەدا شینەی تیرۆرست کوژراوەو کەسیش نازانێ کێ کوشتوویێتی. سەرباری ئەوەش جوانییەکی تری ئەم رۆمانە تەکنیکە بەرزەکەیەتی بەوەی کە لە نیوەی رۆمانەکەوە مەرگی (کا)ی پاڵەوانی سەرەکیی رۆمانەکە ئاشکرا دەکرێت، دیسان مەرگی ئەمیش زۆر تەمومژاوییەو دواتر گێڕەرەوە لە رێگەی پرسیارکردنەوە بۆی دەردەکەوێت، کە لە یەکێك لە شەوەکانی فرانکفۆرتدا توندرەوێکی تورك (کا) دەکوژێت، لە کاتێکدا کا بەرەو ماڵ دەگەڕێتەوە. ئەم مەرگە تەمومژاوییەی پاڵەوانەکانی پامۆك بەتایبەت لە م رۆمانەدا رەنگە ئاماژەبێت بۆ ئایندەی تورکیا وەك دەوڵەتێك، بەوەی کە ئەوسەری دیارنییەو کەس ناتوانێ پێشبینیی ئەوە بکات تورکیا لە داهاتوودا بەرەو کوێ دەچێت! ئایا دەکەوێتە دەست ئیسلامییەکان؟ یاخود پارچە پارچە دەبێت؟ یان دەبێتە وڵاتێکی بازاڕی ئەوروپی.؟ پامۆك وەڵامی هەموو ئەم پرسانە بۆ خوێنەرەکانیو ئایندە جێدەهێڵێت. خوێندنەوەی رۆمانی بەفر بەر لە هەر کەس بۆ ئێمەی کورد زۆر گرنگە، چونکە ئەوەمان پێدەڵێت: کە تورکیا ئەو دەوڵەتە نییە کە لە دوورەوەو لە دەرەوە خۆی نیشاندەدات، پێمان دەڵێت: تورکیا بەم جۆرە حوکمکردنەی ئێستایەوە، هەر چەند دەیەیەکی تر خۆی بەسەر پێوە دەگرێت.